# LIDA Stories

lidastories.net

پیاوێکی پیر وەک مێرد

Aranya

Sunniva Høiby-Øiset

Dler Piran

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.

https://creativecommons.org/licenses/by/4.0

# پیاوێکی پیر وەک مێرد



Aranya

Sunniva Høiby-Øiset

Dler Piran

5

کوردی ckb



وامزانی پیاوی نەرویجی باشترین پیاون لە جیهاندا، بەڵام ئەوە ڕاست نییە! پێش ئەوەی ئەو پیاوە ببینم کە بووە مێردم، من لە کارگەیەک کارم دەکرد لەبانکۆک، ئەویش لە نەرویج دەژیا. ئێمە لەڕێگەی ئینتەرنێت یەکترمان ناسی و لەکۆتاییدا بووین بە خۆشەویستی یەکتر.



دوای ھوەیەک بڕێرھندا ھوسەرگیری بکەین. من لە
خێزانێکی هەژار بووم، بۆیە بوونی ھوسەرێکی بێنی کە
بتوانێ ھگی لە خێزانەکەم بێت بەشێک بوو لە ھۆکرەکەم بۆ
شووکردن بەو.



ئێمە گواستمانەوە بۆ نەرویج و من دەستمکرد بە چوون بۆ قوتابخانە بۆ فێربوونی نەرویجی. کاتێکی سەخت بوو. من مۆڵەتی لێخوڕینم نەبوو، وە دەبووایە هاوسەرەکەم بمگەیەنێتە قوتابخانە، لەوێ چاوەڕێم بکات، جا بمباتەوە. لە هەر سەرێک ڕێگاکە یەک کاتژمێر بوو. پێش ماوەیەک ماڵمان نزیکتر بوویەوە، بەڵام هێشتا ئەو سوور بوو کە بمگەیەنێتە قوتابخانە. نەیدەویست بە تەنیا بڕۆم.



لەوەتەی هاتبووم بۆ نەرویج بەدەستەم هیچ پارەیەکم پێ بوو. جارێک پیاوەکەم پارەی پێدام بۆ خواردنی نیوەڕۆ، بەڵام چونکە پارەم زۆر کەم هەبوو، ئەوەم هەڵگرت. هاوڕێکانم لە قوتابخانە دەیانەوێ یارمەتیم بدەن کارێک بدۆزمەوە، بەڵام مێردەکەم دەڵێ ناتوانم کاربکەم. پێی وانیە کە کارکردن وەکو پاککەرەوە لەبار بێت بۆ من.






ئەوەم نەویست کە داهاتوو دەیهێنێ. بەرنامەم ئەوە بوو بچمە قوتابخانەیەکی تر بەڵام مێردەکەم نەیدەویست ئەوە بکەم. ئەو پلانی دادەنا کە دوورتر بکەوینەوەدا بۆ من زەحمەتتری بکات. دەمەوێ بەرهەڵستی بکەم بەڵام نازانم چۆن. ئەوەندە ئاسان نیە کە لە وڵاتێکی بیانی بژی و بە هەبوونی پیرەپیاوێک وەکو مێرد وەک ئەوەی من بیرم لێکردبۆوە.



لەبری ئەوە مێردەکەم کارێکی تری بۆ من هەبوو – دروستکردنی گەراجێک. ئەو سەروەستا بوو و من هەموو کارێکم دەکرد. ئەو نەیدەتوانی شتی زۆر بکا چونکە نەخۆش بوو. ئەو هیچ پارەیەکی بە من نەدا لەوەی کە وەریگرت بۆ دروستکردنی گەراجەکە.





ڕۆژێک گوتی کە ئەو بێزار دەبێ کاتێک بە تەنیا لە ماڵەوە دەبێ، بۆیە بڕیاریدا کە دەبێ سەگێکمان هەبێ. من سەگم نەدەویست لەبەرئەوەی لە دوای قوتابخانە ماندوو دەبووم و ئەرکی ماڵەوەم دەبوو. گوتی کە ئەو هەموو ڕۆژێک پیاسە بە سەگەکە دەکات، بەڵام لەکۆتاییدا دەبوایە من ئاگام لە سەگەکە و مێردەکەشم بێت.